# ڤیانێک لەمبەر ئەتلانتیکەوە

حەمەڕەشی هەرەس

بەرەو ئەوروپا، رازی کەساسم، ئەتلانتیک ئەبڕێ
چاوی تەما و نیاز، سۆمایی کزە تەم بەریئەگرێ
یاوەریی خۆزگەی سرک و دوورەدەست بڕستی بڕیم
ئای ئەمەریکا، ئای کیشوەرەکەی، پڕ کوێرەوەریم
رنەکی رۆحم گوژمەدا بۆ مەرگ، تەمەن ئەکرێنێ
سرەوت ناگرم بە، ئیمەیڵێکی کورت، یا تەلەفۆنێ
یەکەم خورپەی کرد، دڵی گوشراوم، جەستەم راچەنی
زانیم سەرەتای ناخ سووتانمە، وا گیانمی تەنی
ڤیانی ناوەخت، هەی بێبەزەیی بەرگەناگرم
کاتێکت زانی، مەشخەلانێکم، بڵێسەم، گڕم
ئاگاو ئاوەزم، لە دەوری سەری ئەوین گێڕاوە
وێڵ و تەیکەری چۆڵی بێهزریم، مژم رەنجاوە
نامەی بەختەکەم خستە بەریدی هات و نەهاتێ
تەتەری سەرکێش، پۆستەچی چەتوون، بڵێی بیگاتێ

2005/3/10
کیچنەری کانادا